## بەناوى خواى بەخشندەو ميهرەبان

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ٢٨ ) ساڵی ٢٠١١

بــەپێی ئــەو دەسەڵاتەی لـەبڕگەی (١)ی مــاددەی (١٠)ی یــاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کــوردستان – عـــێراق ی ژمـــارە (١)ی ســـاڵی ٢٠٠٥ی هــەمــوارکـــراو پێمـــان دراوەو ، بـــە پاڵـــپشتی ئـــەو یـــاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٠١١/١٠/٣ بریارماندا بەدەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای جێبەجێ کردنی یاسای راژەو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم :**

جێبـــەجێکردنی یاســـای راژە و خانەنـــشینی هێزەکـــانی نـــاوخۆی عـــیراق ژمـــارە (١٨)ی ســـاڵی ٢٠١١ لـــە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی .

**ماددەی دووەم :**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلە و پایەکانیان شوێنی دامەزراوە و فەرمانگەکانی فیدراڵ و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبن .

**ماددەی سێیەم :**

حوکمەکانی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ ، هێزەکـانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عێراقیش دەگرێتەوە بە چاوپۆشی لەو لایەنەی کە پێوەی لکێنراوە .

**ماددەی چوارەم :**

جێبەجێ كردنی ماددەی (٥٧) لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای راژە و خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق) هەمواردەكرێت و ئەمەی خوارەوە لە هەرێمی كوردستان – عێراق جێی دەگرێتەوە :

(حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەو كەسانەش لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ دەگرێتەوە كە پاش ١٩٩١/١٠/٢٣ شەهید كراون ، ئەمەش بۆ مەبەستی مووچەی خانەنشینیەكەی و پاداشتی شەهیدبوونی لەسەر بنەمای مووچەی پلەكەی بە دوو پلە بەرزتر دەژمێردرێت) .

**ماددەی پێنجەم :**

لەسەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و دارایی و ئابووری پێویستە رێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكەن .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەن پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی حەوتەم :**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن .

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**هـــــەولـــێر :**

١٩/تشرینی یەكەم/٢٠١١ی زایینی .
٢٧/رەزبـــــــــەر/٢٧١١ی كوردی .
٢١/ذوالـقـعــــدە/١٤٣٢ی كۆچی .